# ڕێککەوتنەکانی واشنتن و لەندەن؛ داهاتووی پرسی نەوت و گازی سرووشتی لەنێوان هەولێر و بەغدا

26-05-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : ڕۆژی 19ی ئایار 2025 وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەواشنتنەوە دوو گرێبەستی بەمەبەستی پەرەپێدانی هەردوو کێڵگەی میران و کوردەمیر لەگەڵ ئیچ کەی ئین و ویسترن زاگرۆس واژۆکرد، چوار مانگیش پێش ئەو ڕۆژە وەزارەتی نەوتی عێراق لە لەندەن لێکتیگەیشتنی بۆ پەرەپێدانی چوار کێڵگەی نەوتی کەرکوک لەگەڵ بی پی بەریتانی واژۆکرد و دواتریش لەڕۆژانی 26ی شوبات و 26ی ئاداری 2025 کۆی گرێبەستەکان واژۆکرا بۆ دەستبەکاربوونی بی پی لە کەرکوک.

## بەرایی

رۆژی 19ی ئایار 2025 وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەواشنتنەوە دوو گرێبەستی بەمەبەستی پەرەپێدانی هەردوو کێڵگەی میران و کوردەمیر لەگەڵ ئیچ کەی ئین و ویسترن زاگرۆس واژۆکرد، چوار مانگیش پێش ئەو رۆژە وەزارەتی نەوتی عێراق لە لەندەن لێکتیگەیشتنی بۆ پەرەپێدانی چوار کێڵگەی نەوتی کەرکوک لەگەڵ بی پی بەریتانی واژۆکرد و دواتریش لەرۆژانی 26ی شوبات و 26ی ئاداری 2025 کۆی گرێبەستەکان واژۆکرا بۆ دەستبەکاربوونی بی پی لە کەرکوک.

گرێبەستەکەی واشنتن خێرا لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە رەتکرایەوە و دوای ماوەیەکی کورتیش پەشیمان بووەوە و دووبارە داوای پابەندبوونی بە دەستوورەوە کرد، هەروەکو چۆن چوار مانگیش پێش ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی واژۆکردنی رێککەوتنی بی پی و وەزارەتی نەوتی عێراق، داوای لە بەغدا کرد بەپێی بڕگەکانی دەستووری عێراق پابەندبێت بەبەشداریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەم گرێبەستە نوێیانە دوو رەهەندی هەیە، یەکەمیان وڵاتی وەبەرهێنەر و دووەمیان جۆری گرێبەستەکەیە بۆ بەرهەمهێنانی گاز، ئەمەش وایکردووە دەنگدانەوەکەی گەورە بێت نەوەکو بەهاکەی کە بە 110 ملیار دۆلار دەخەمڵێندرێت، چونکە ئەگەر بەهەمان شیوە رێککەوتنەکەی بی پی و وەزارەتی نەوتی عێراق لێکبدەینەوە، ئەوا بەهاکەی دەگاتە 1.3 تریلیۆن دۆلار چونکە بەپێی خەملاندنەکانی بی پی کۆی هەبوونی سەرچاوەی نەوتی لە سەرانسەری گرێبەستەکە و ناوچەکانی دەوروبەریدا تا 20 ملیار بەرمیل نەوت دەڕوات، بەڵام کۆمپانیاکە و حکومەتی عێراقیش رایگەیاند کەوا بڕی وەبەرهێنانەکە 25 ملیار دۆلار نەوەک 1.3 تریلیۆن دۆلار.

لێرەدا بەدوای وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکییەوە دەبین: یەکەمیان بۆچی رێککەوتنەکانی بەغدا تەنانەت ئەوانەی لەسەر ناوچە جیناکۆکەکانی وەک دیالە و کەرکوک دەستووری بێت، بەڵام رێککەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی نادەستووریی بێت؟ دووەمیان وردەکاری کێڵگەی میران و کوردەمیر و شێوازی گرێبەستەکانی کێڵگەکان چی بووە؟ ئایا کۆمپانیاکان دەتوانن قۆناخی واژۆکردنی گرێبەستەکان تێپەڕێنن و بگەنە وەبەرهێنانی نەوت وگاز لەو کێڵگانە؟

## بۆچی رێککەوتنەکەی بی پی دەستووریی بێت و رێککەوتنەکەی ئیچ کەی ئین و ویسترن زاگرۆس نادەستووری بێت؟

بەپێی دەستووری عێراق دوو ماددە تایبەتکراوە بە پرسی نەوت و گاز، کە ئەوانیش ماددەی 111 و ماددەی 112ن. باس لە چۆنیەتی داڕشتنەوەی سیاسەتی نەوتی وڵات نەکراوەو ، ئەوە جێ هێڵدراوە بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گاز کەدوای دوو دەیە و بەڵێنی ئەم کابینەیەی عێراق بۆ دەرکردنی لەماوەی 6 مانگدا، هێشتا روون نییە کەی دەردەکرێت.

لە بەرامبەردا، هەرێمی کوردستان گرێبەستە نەوتییەکانی لەبەر رۆشنایی یاسای نەوت و گازی 6ی ئاب 2007 پەرلەمانی کوردستان واژۆکردووە، کە دادگای فیدراڵی لە 6ی شوبات بە نادەستووری داینا، بەڵام هەمان دادگای کەرخ لە بەغدا لە کانوونی یەکەمی 2024دا کە گرێبەستەکانی سامانە سرووشتییەکانی بە یاسایی زانی و داواکەی وەزارەتی نەوتی عێراقی بۆ نایاساییبوونی گرێبەستەکان رەتکردەوە.

ئێستا لەرووە یاساییەکەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم رێککەوتنانەی واشنتن نوێن یان هەموارکراوی رێککەوتنەکانی پێشوون، چونکە ئەگەر رێککەوتنێکی نوێ بێت، پرسیکی تەواو نوێ و یاساییە و ئەگەریش ،تەنیا جێگۆڕکی کۆمپانیاکان بێت وەکو ئەوەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوا ئەم گرێبەستانەش وەکو گرێبەستەکانی پێشوو یاسایین و بڕیاری دادگای کەرخی بەغدای لەبارەوە دەرچووە.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە دەستووری عێراق پێوەری یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان نەبووە لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا، بەڵکوو هەرجارێک گەڕانەوە بۆ دەستوور و لێکدانەوەی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانێک بەپێی هەژموونی نێوخۆیی و دەرەکی بووە، ئەگینا ئەگەر دەستوور بنەما بوایە، پێش 2007 پرسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلادەکرایەوە.

هەروەها، ناڕوونییەک لە هەڵویستی بەغدا لەبارەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کارکردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کەوا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ نموونە کۆمپانیای دانەگاز و کرێسنت پیترۆلیوم لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانیان کردووە و

کار بەو ڕێککەوتنە دەکەن کە لەژێر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان واژۆکراوە و بەرەوامیشن لە پەرەپێدان و وەبەرهێنانی نوێ لەو کێڵگانەدا کە وەریانگرتووە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئەم یاسا و ڕێککەوتنانە نادەستوورییە بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق کێڵگەی نوێیان پێدەدات و گرێبەستی نوێیان لە دیالە و بەسرە بۆ پەرەپێدانی گاز لەگەڵ واژۆ دەکات؟

هەرچەندە حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوت والێکدانەوە بۆ بڕگە دەستوورییەکە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مافەی نییە بەتەنیا گرێبەستەکان واژۆ بکات، بەڵام شارەزایانی یاسایی کە لێکدانەوەیان بۆ بڕگەکانی دەستوور کردووە ئاماژە بەوەدەکەن کە بەپێی برگەکانی دەستوور هەرێمەکان نەک تەنیا هەرێمی کوردستان ئەو مافەی هەیە و دەتوانێت بەپێی دەستوورەکە واژۆی گرێبەستی نوێ بکات.

## نێوەڕۆکی گرێبەستەکان و بەهای کێڵگە نەوتییەکان لە ڕێککەوتنەکەی واشنتن و لەندەن

کێڵگەی گازی میران یان بلۆکی میران لە 2007دا بە گرێبەستێکی 164 لاپەڕەیی دراوە بە کۆمپانیای هێرتەیج ئینرجی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەساڵی 2010دا و لە سێیەم هەمواری گرێبەستەکەدا کە 21 لاپەڕەیە، هاوبەشی بە گەنەل ئینرجی کراوە و لە 21ی ئاب 2012دا کۆمپانیای هێرتەیج رایگەیاند کەوا پشکەکەی خۆی بە 450 ملیۆن دۆلار بە گەنەل ئینرجی فرۆشتووە.

سەرەتا، بەپێی هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای هێرتەیج بلۆکی میران کە خاوەندارێتی 75%ی دەکرد و کۆمپانیای سەرکاربووە ئاماژە بەوەدەکات: بڕێکی نەوتی خەمڵێنراوی کێڵگەکە 4.3 ملیار بەرمیل نەوتە.

خشتەی 1: بلۆکی میران بەپێی هێرتەیج ئۆیل لە 2010دا.

| ئەگەرەکان | کەم (P90) ملیۆن بەرمیل | باشترین (P50) ملیۆن بەرمیل | زۆر (P10) ملیۆن بەرمیل | ناوەند ملیۆن بەرمیل | بەهای پارەیی چاوەڕوانکراو (ملیۆن دۆلار) |
|---|---|---|---|---|---|
| **بڕی سەلمێنراو** | ٢٥ | ٥٣ | ٩٢ | ٥٣ | ٢٧٥ |
| **ئەگەری هەبوون** | ٨٧ | ٨٤٩ | ٢٤٨,٢ | ٨٥٠ | ١٢٥,٤ |
| **کۆی گشتی** | ١٢٨ | ٩٠٢ | ٣٠٦,٢ | ٠١٤,١ | ٤٠٠,٤ |

سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی هێرتەیج ئۆسیل بۆ بلۆکی میران لە 2011.

**کێڵگەی میران بەمدواییە گەیشتبووە قۆناخەکانی ئامادەکردنی پلانی پەرەپێدان و دیزاینی بۆری گواستنەوەی گاز و بەستنەوەی بە تۆڕی گازی هەرێمی کوردستان و خەمڵاندنی تێچووی وەبەرهێنان و ئۆپرەیشن لەقۆناخی سەرەتادا و ئامادەکردنی گرێبەستەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان. ئەو کات خەمڵاندنی تێچووی کێڵگەکە تاوەکو بەرهەمهێنانی 200 ملیۆن پێی سێجا لە ڕۆژێکدا دەگاتە 2.5 ملیار دۆلار بۆ کۆمپانیای وەبەرهێنەر کە گەنەل ئینرجی بووە.**

**لە 2018دا گەنەل ئینرجی رایگەیاند کەوا کۆمپانیای راوێژکاری RPS Energy هەڵسەنگاندنی بۆ هەردوو کێڵگەی میران و بنەباوی تەواوکردووە کە بەشێوەیەکە یەدەگی هەردوو کیڵگە، بەرێژەی جیاواز زیادیکردووە و گازی سرووشتی هەردوو کێڵگە دەگاتە 14.7 تریلیۆن پێی سێجا و بڕی گازی کۆندینسەیت (نەوتی زۆرباش) دەگاتە 137 ملیۆن بەرمیل. هەروەها، ئەگەر** بەراوردێک لەماوەی کارکردنی سەرەتایی بۆ سەرچاوەکانی کێڵگەکە لەماوە ساڵانی 2013 بۆ 2016 بکەین ئەوا یەدەگی کیڵگەکان بەرێژەی 27% لە بنەباوی و بەرێژەی 78% لە میران-ڕۆژئاوا زیادیکردووە.

خشتەی 2: ڕێژەی 100 هەبوونی سەرچاوەی گازی سرووشتی بە ملیار پێی سێجا

| کێڵگەکان | 2013/ گازی سرووشتی ملیار پێی سێجا | 2016/ گازی سرووشتی ملیار پێی سێجا | ڕێژەی گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|
| بنەباوی | 6472 | 8230 | %27 |
| میران -ڕۆژئاوا | 3688 | 6562 | %78 |

سەرچاوە: گەنەل ئینرجی، ڕاپۆرتی عێراق بزنس 19-1-2018 و وەرگرتنی لە 24-5-2025

خشتەی 3: ئەگەری هەبوونی 100%   گازی سرووشتی ملیار پێی سێجا لە کێڵگەی میران

| میران-ڕۆژئاوا | گازی سرووشتی ملیار پێی سێجا | کۆندینسەیت ملیۆن بەرمیل |
|---|---|---|
| 1C | 1967 | 18 |
| 2C | 6562 | 75 |
| 3C | 18429 | 233 |

سەرچاوە: گەنەل ئینرجی، راپۆرتی عێراق بزنس 19-1-2018 و وەرگرتنی لە 24-5-2025

**هەروەها، کێڵگە یان بلۆکی تۆپخانە لەساڵی 2011دا دراوە بە کۆمپانیای تالیسمان ئینرجی، بەڵام هەموو بلۆکەکانی دیکەی سنووری گەرمیان دراوە بە ویسترن زاگرۆس. بەپێی گرێبەستە 121 لاپەڕەییەکە** تالیسمان ئینرجی دەبوایە لەو ساڵەدا دەستبەکاربێت، بەڵام نەبوو. **دواتر کێڵگەی تۆپخانە لە ئایاری دا لەلایەن2015** کۆمپانیای ریپسۆڵ **لە کۆمپانیای تالیسمان_کڕایەوە و لە سێپتەمبەری 2019دا ریپسۆڵ بەشەکەی خۆی لە** کوردەمیر **بە ویسترن زاگرۆس فرۆشت و بەدوای ئەوەدا بوو کەوا بەشەکەی تۆپخانەش بفرۆشێت و لە هەرێمی کوردستان بڕواتە دەرەوە. ئێستا، بەو گرێبەستەی رۆژانی رابردوو کە لە واشنتن کرا ویسترن زاگرۆس کۆی خاوەندارێتی کێڵگەی کوردەمیر و  کێڵگەی تۆپخانەشی لە سنووری گەرمیان کەوتە دەست. تائێستا پێشڤەچوون لە کوردەمیر نەبینراوە، بەڵام رۆژان و مانگەکانی داهاتوو دەریدەخات کارەکان بۆ بەرهەمهێنانی گاز لە تۆپخانە و کوردەمیر بەکۆی دەگات. لەرووی** ئابوورییەوە چاوەڕواندەکرێت **کێڵگەی تۆپخانە بەرهەمهێنانی بەردەوامبێت تاوەکو 2059 و بڕی** یەدەگەکەی بۆ گاز دەگاتە **14.9 ملیار مەتر سێجا و 900 ملیۆن بەرمیل نەوت کە ئەگەر وەبەرهێنانی تێدابکرێت ئەوا ساڵانە دەتوانرێت 3.7 ملیار مەتر سێجای لێوە بەرهەمبهێندرێت.**

 **یەکێک لەو خاڵانەی لەم گرێبەستانەدا چاوی لەسەربوو بڕ یان خەمڵاندنی داهاتی داهاتووی کێڵگەکان بوو نەوەکو ئەو بڕەی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان لەو کێڵگانە دەیکەن. بۆ نموونە کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن کە** کۆمپانیای هیلوود پیرۆت **خاوەنداریی دەکات و لە کەرتە جیاوازەکانی وەک پەیوەندییەکان، فڕۆکەوانی و خانووبەرە و بەمدواییەش وزە دا وەبەرهێنانی کردووە و** سامانەکەی **لەسەروو 5 ملیار دۆلارەوەیە و رۆژی واژۆکردنی گرێبەستەکەی کێڵگەی میران خاوەنی کۆمپانیای دایک ئامادەبوو کە** ڕۆس پیرۆت **بوو.**

هەروەها، بڕی وەبەرهێنانی ئەو دوو کۆمپانیایە لەو دوو کێڵگەیە بە ملیار دۆلار لەوانەیە لە پەنجەکانی یەک دەست  تێپەڕ نەکات، چونکە بڕی 110 ملیار دۆلار وەبەرهێنان نییە بەڵکوو ئەوە داهاتی 25 بۆ 35 ساڵی داهاتووی ئەو دوو کێڵگەیە ئەگەر وەبەرهێنان تێدابکرێت و گۆڕانکارییەکان لە هەموو رووەکانەوە ئەمنی، ئابووری و سیاسی و تەکنیکی و سرووشتییەکان سفر بێت.

خاڵێکی گرنگ لە دەرەوەی بڕی سەرمایەی وەبەرهێنانەکەوە لەڕاستیدا جۆری وەبەرهێنانەکە و وڵاتی کۆمپانیاکانە. چونکە وەبەرهێنان لە گازی سرووشتی بەواتای وەبەرهێنانی درێژ خایەن دێت و ئەو بڕەی لەساڵانی داهاتوو وەک گازی سرووشتی لێوەی بەرهەمدێت، گۆڕانکاری گەورە بەسەر هاوکێشەکانی دابینکردنی گازی سرووشتی لەنیوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا دەهێنێت، بەتایبەتیش بەتەواوکردنی پرۆژەی KM250 کۆرمۆر و پەرەپێدانی کێڵگەی گازی چەمچەماڵ و تەواوکردنی ئەم دوو پرۆژەیەی کێڵگەی تۆپخانە و میران پێگەی هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەی دابینکردنی گازی سرووشتی دەباتە قۆناخێکی نوێیەوە. هەروەها، نزیکەی 3 ساڵێک پێش ئێستا وەزارەتی وزەی ئەمریکا هەموو ئەگەر و گریمانە و پێشهاتەکانی ئەم پرۆسەیەی کردنی هەرێمی کوردستان بە سەنتەری دابینکردنی گازی سرووشتی بۆ ئێستا و داهاتوو لێکدایەوە و هەربۆیەش ئێستا بە پاڵپشتی ئەم دوو گرێبەستە دەردەکەوێت.

## کۆتایی

لۆبی و پاڵپشتییەکی باشی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن. بۆ نموونە پێشووتریش بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت گۆشارییان لە عێراق کردووە بۆ پاراستنی مافی کۆمپانیاکان بەپێی گرێبەستەکانیان و جەختکردنەوەی ئەمدواییەی وەزیری دەرەوە و وەزیری وزەی ئەمریکا لە گرێبەستەکان و پاڵپشتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە. هەروەها، خاڵیکی دیکەش پەیوەستە بەهاوردەکردنی گاز لە دەرەوە بۆ عێراق، ئەگەر پێویست بکات بەغدا گاز بکڕێت با لە هەرێمی کوردستانی بکڕێت و ئەگەریش لە نێوخۆ پێویستی نابێت ئەوا ئەورووپای هاوپەیمانی ئەمریکا لە ئێستا و لە داهاتووشدا پێویستی بەو گازە دەبێت.

خاڵێکی دیکە لەم پرسەدا یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان گەنەل ئینرجی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لە نیسانی 2025 گەنەل ئینرجی رایگەیاند کەوا دادگا لە یەکلاکردنەوەی کێشەی هەردوو کێڵگەی بنەباوی و میران لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان ئاگاداریکردوونەتەوە و دەبێ 26 ملیۆن دۆلار قەرەبوو بدەنەوە و هەموو مافێکی کێڵگەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێننەوە.

هەروەها، واژۆکردنی گرێبەستەکانی واشنتن هێندەی واژۆکردنی گرێبەستەکەی لەندەن دەستوورییە، چونکە نادەستووریبوونی هەریەکەیان پەیوەستە بەهێز و لایەنی جێبەجێکراو و پاڵپشتی لێکراوەوە. هەربۆیەش وەزارەتی نەوت لە کەمتر لە 24 کاژێری دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی واژۆکردنی گرێبەستەکەی هەرێمی کوردستان روونکردنەوەیەک و بەیاننامەیەکی بۆ روونکردنەوەکەی خۆی دەرکرد.

لەراستیدا، ئەم پاڵپشتییەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و ئەو وەرگرتنی گرێبەست و واژۆکردنانەی وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکان دەیکات و گەڕانەوەی وەزیری نەوتی عێراق لە هۆستن و تەکساسەوە بەبێ رێککەوتن لەساڵی رابردوو دەرخەری وێنەیەکی گەورەترە، بەڵام ئەوەی جێبەجێدەکرێت و سەرچاوەیەکی نوێی ئابووری سەربەخۆ دێنیتە نیوخۆوە چ لە هەرێمی کوردستان یان عێراق ئەوا براوە دەبێت.

لەکۆتاییدا، رەنگە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی یان هەمواركردنەوەی بڕگەکانی دەستوور دەرچەیەک بێت بۆ یەکلاکردنەوەی بەڕێوەبردن و مافی واژۆکردن و گرێبەستکردنی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ ناوچە کیشە لەسەرەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کێڵگە گازی و نەوتییەکان، بەڵام بۆ قۆناخی ئێستا، لێک نزیکردنەوە و دۆزینەوەی رێگەی کارکردنی هاوبەش دەتوانێت زیانەکانی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەنیوە و هاتنی کۆمپانیاکان بۆ تەواوی عێراق و زیادکردنی ژێرخانی وزە لە تەواوی عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستانیش بهێنێتەئاراوە لەجیاتی بەیاننامەی ناڕەزایی و گرەوکردن لەسەر مافی بەڕێوەبردنی تاکلایەنە.